السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەوەی تەمیمەیەک هەڵبواسێت؛ ئەوا خوای گەورە هیوا وپێویستیەکانی بۆ جێبەجێ نەکات، وئەوەی گوێچکەماسییەک هەڵبواسێت؛ ئەوا خوای گەورە هێوری وئارامی پێ نەبەخشێت

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی تەمیمەیەک* هەڵبواسێت؛ ئەوا خوای گەورە هیوا وپێویستیەکانی بۆ جێبەجێ نەکات، وئەوەی گوێچکەماسییەک هەڵبواسێت؛ ئەوا خوای گەورە هێوری وئارامی پێ نەبەخشێت». ولە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک تەمیمەیەک هەڵبواسێت؛ ئەوا شیرک وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە». *(تەمیمە واتە: کاغەزێکە نووسراوە ودەپێچرێتە ناو شتێك یان شتێکە (چاوەزارێکە) لە دەست (دەکرێت یان دەکرێتە ملەوە یان هەڵدەواسرێت کە پێیان وایە لە چاوی پیس وشتی خراپ دەیانپارێزێت

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەرکەسێک تەمیمەکان بەکاربهێنێت وباوەڕی وا بێت کە زیانی لەسەر لادەبەن ئەم کەسە نزاکەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەسەریدا جێبەجێ دەبێت؛ ئەویش ئەوەیە خوای گەورە داواکەی بۆ جێبەجێ نەکات وکاروبارەکانی پێچەوانە بێتەوە دژی، هەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای کردووە لەسەر ئەو کەسەی گوێچکەماسی وهاوشێوەکانی بەکاردەهێنێت بۆ هەمان مەبەست؛ ئەویش بەوەی خوای گەورە ئارامی وهێوری ودڵنیایی بۆ نەهێنێت، وئەم نزایە مەبەست پێی ئاگاداری وهەڕەشەیە لەسەر ئەم کارانە، ولە فەرموودەی دووەمدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە ئەم کارانە (هەڵواسینی تەمیمە وهاوشێوەکانی) شیرک وهاوبەشدانن بۆ خوای گەورە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6762

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee